## سەرۆکی ئەرکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی شوێنی تەقینەوەکە لە بابل بەسەرکردەوە



ئەمڕۆ شەممە سەرۆکی ئەرکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی عەبدولعەزیز محەممەداوی گەیشتە شوێنی فەرماندەیی بابل بۆ بەسەرکردنەوە و سەلامەتی سەبازەکان.

لە بەیاننامەیەکی دەستەی حەشدی شەعبیدا هاتووە : سەرۆك ئەرکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی عەبدولعەزیز محەممەداوی گەیشتە شوێنی فەرماندەیی بابل، کە هێزەکی بەرگری وناوخۆ و هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ بەسەرکردنەوە و سەلامەتی سەبازەکان ئامادەبوو ، هەروەها پێداچوونەوەی بە وردەکارییەکانی لیژنە لەکۆڵینەوەکانی ئامادەبوو لەو شوێنەدا کرد کە هێرشی دەستدرێژیان کراوەتە سەر.

ئاماژەی بەوەشکرد : سەرۆکی ئەرکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی سەردانی ئەو بریندارانەی کرد کە لە نەخۆشخانە کەوتبوون و فەرمانی دا کە ئەوپەڕی چاودێری تەندروستییان بۆ دابین بکرێت.

ئەمڕۆ شەممە شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی شەهیدبوونی ئەندامەکی هێزەکانی حەشدی شەعبی و برینداربوونی 8 کەسی دیکەی ڕاگەیاند کە ئەندامەکی سوپای عەراقی تێدایە، لە تەقینەوە و ئاگرکەوتنەوە لە ناو (کەمپی کەلسو) لە باکووری پارێزگای بابل.

